# یارمەتی یاسایی بۆ ڕەگەزنامە

**"NOAS" دەتوانێ کام بابەتانە لەبەر چاو بگرێت؟**
"NOAS" تەنیا دەتوانێ ڕێنمایی و یارمەتی یاسایی پێشکەش بەو کەسانە بکات کە پەنابەری گوێزراوەن یان لە نەرویج داوای پەنابەرییان پێشکەش کردووە و بەپێی داوای پەنابەرییەکەیان مافی مانەوەیان وەرگرتووە.

ئەگەر دەتانەوێ "NOAS" لە کەیسەکەیتان بکۆڵێتەوە، دەبێ وەکالەتنامەیەکی نووسراو لەگەڵ کۆپییەک لە بەڵگەکانی کەیسەکەتان بۆ ئێمە بنێرن.

ئەم بەڵگانەی خوارەوە بنێرن بۆ ئەوەی "NOAS" لە کەیسەکەتان بکۆڵێتەوە:

- [وەکالەتنامەی واژۆکراو]
- بڕیاری مافی مانەوەتان (پاراستن یان هۆکاری مرۆڤدۆستانە)
- هەر جۆرە ڕەتبوونەوەیەکی داخوازی ڕەگەزنامە

ئەگەر هەر بەڵگە یان زانیارییەکی دیکەتان هەیە و پێتانوایە بۆ کەیسەکەتان گرنگن، دەتوانن بۆمان بنێرن.

**کات بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە**
ئێمە هەرچی زووتر لە کەیسەکەتان دەکۆڵینەوە. بە هۆی دەرفەتی سنووردارەوە، لێکۆڵینەوە لە کەیسەکەتان چەند مانگ درێژە دەکێشێ. "NOAS" هەمیشە هەوڵ دەدات کەیسە بەپەلەکان بخاتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئێمە کەیسەکەتان بگرینە ئەستۆ.

**هەڵسەنگاندنی "NOAS" بۆ کەیسەکەتان**
"NOAS" تەواوی ئەو کەیسانە هەڵدەسەنگێنێ کە دەگەنە بەر دەستی. ئەو کەیسانە دەخینە پێشەوە کە باوەڕمان وا بێت دەرفەتی ڕاستەقینە هەیە کە بە بەشداریمان لەو کەیسەدا دەتوانین ئەنجامەکە بگۆڕین.

**لە هەڵسەنگاندەکانماندا جەخت لەسەر ئەم بابەتانە دەکەینەوە:**

- تا چەندە لە شوێنی ترەوە یارمەتی باشتان وەرگرتووە.
- ئایا زانیاری نوێ و گرنگ دەربارەی ئێوە هەیە کە پێشتر UDI / UNE لەبەر چاویان نەگرتبن و لەوانەیە ئەنجامی کەیسەکە بگۆڕن.

ئەگەر پێمان وابێت کە ناتوانین ڕەتبوونەوەی کەیسەکەتان ڕاست بکەینەوە، ئەوا ئاگادارتان دەکەینەوە و هۆکارەکەشی ڕوون دەکەینەوە.